# شۆڕشی ئۆکتۆبەر مەزنترین دەستکەوتی مرۆڤایەتی سەدەی بیست بوو!

**هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر. دەستکەوت، دەرس و تەجروبەکانی، کێشەو هەڵەو کەم و کوڕیەکانی و ئیمکانی بەرپاکردنی شۆڕشێکی دی سۆسیالیستی؟ ناونیشانی وتووێژێکە لەگەڵ بەڕێز ئیرەجی فەرزاد ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری-حیکمەتیست لە بەرواری ٥/١١/٢٠٠٥ ڕۆژی شەممە کاتژمێر ٢٠ بە کاتی ناوەندی ئەوروپا لە پاڵتاک ژوری ئازادی و یەکسانی.**

**مێژووی سەدەی بیست هەر لە سەرەتاییەوە تاکو کۆتایی، پڕە لە ئاڵوگۆڕ و جێگۆڕکێ هێز و دەوڵەت و بزوتنەوە جوراوجۆرەکانی دونیا. سەرەتای دەستپێکردنی سەدەکە، بە هەڵگیرسانی شۆرشێکی کرێکاری و سۆسیالیستی دەستی پێکرد کە لە ١٩٠٥ بوو لە ڕوسیا. بەڵام بە داخەوە بە هۆی نا ئامادەیی چینی کرێکار و حیزبی پێشڕەوەیوە بۆ گرتنەدەستی دەستەڵات، نەتوانرا ئەو شۆڕشە بە سەرکەتن بگا، هەر بۆیە دواکەوت و لە گەرمەی خوێناویترین جەنگی سەردەم کە بە شەڕی جیهانی یەکەم ناسرا، بۆ ئۆکتۆبەری ٩١٧ دواکەوت. جگە لەو شۆڕشەو ئەو جەنگە جیهانیە، لە ناوەڕاستی هەمان سەدەدا جەنگێکی جیهانی تر کە بە دووهەم ناوبانگی دەرکرد بەرپاکرا. هەروەها لە سەدەی بیستەمدا، زۆریەک لە وەڵاتانی دواکەوتووی دونیا بوونە نێچیری دەستی وەڵاتە زلهیزەکانی دونیا و کۆلۆنیاکران و لە ئەنجامی سیاسەتی ئیسیعماریدا جەندین جەنگی جۆراوجۆر بەپاکرا، کە بووەمایەیی خوێنرشتنێکی ئێجگار زۆری مرۆڤایەتی . هەر لەو سەدەیەدا بوو کە بە بێچەوانەی ئیستعمار و داگیرکاری وەڵاتانی زلهێز، خەبات و تێکۆشانی بزوتنەوە ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازەکان بووە مایەی تێکشکاندن و وەدەرنانی دەگیرکەران و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و دیاریکردنی مافی چارەیخۆنوسین بۆ زۆریک لە میللەتانی ژێر دەستی دونیا. بێگومان ڕوداوەکانی سەدەی بیست، زۆر لەوە زیاترن کە لە جەند دێرێکدا بنوسرێنەوە، بەڵام لە ڕوانگای کۆمۆنیستەکانەوە، گرنگترین و پڕ دەستکەوتوترین ڕوداوو لەو سەدەیەدا، شۆڕش ئۆکتۆبەر بوو.**

**بۆ ڕێزگرتن لەو ڕوودا و شۆڕش و دەستکەوتە مەزنەی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ، لە یادی ٨٨ مین ساڵگردیدا، بەڕێز ئیرەجی فەرزاد ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری-حیکمەتیست بانگهێشت دەکەین بۆ ژورەکەمان لە بەرواری ٥/١١/٢٠٠٥ ڕۆژی شەممە کاتژمێر ٢٠ بە کاتی ناوەندی ئەوروپا. بە هیوای ئامادەبونتان!**

**جەمال کرێکار**
**بەرێوبەری ژوری ئازادی و یەکسانی (پاڵتاک)**
**٣/١١/٢٠٠٥**
**پیوەندی**:azadi_yeksani@yahoo.com